وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی هێرشەکەی کۆلیژی سەربازی سلێمانی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە



وەزارەتی پێشمەرگە دووپاتیکردەوە کە تەقینەوەیەک لە کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان ڕوویدا و لە ئێنجامدا سێ خوێندکار بریندارببون و خوێندکارێکیش گیانی لەدەستدا و سەرجەمیان سەر بە سوپا و وەزارەتی بەرگری عێراق بون.

وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەوە کوتووە بڵاویکردەوە، بەداخەوە ئەمە لە خولی 89ـی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان لەکاتی مەشقی چەکی کاریگەر کە بەشێک بوو لە پڕۆگرامی خوێندنی خولی 89ـی کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان، تەقینەوەیەک ڕویداوە.

ئاماژەی بۆکردە، بە ئێنجامی تەقینەوەکەدا سێ خوێندکار بریندارببون و خوێندکارێکیش گیانی لەدەستدا، کە سەرجەمیان سەر بە سوپا و وەزارەتی بەرگری عێراق بون. بەم بۆنەخەمناکەوە، پرسە و سەرخۆشی خەمان ئاراستەی وەزارەتی بەرگری عێراق و کۆلێژی سەربازی قەڵاچوڵان و خانوادە و هاوڕیانیان دەکەین، هیوای زو چاکبونەوەش بە بریندارەکانی ئەم ڕوداوە نەخوازراوە دەخوازین.